# بەردو ....و.... دوعا

2

قوبادی جەلی زادە



بەردێك لەسەر سینەی دوعا هەڵدەگرم و ..

دەیكێشم بە سەلیبی كڵێساكان !

بەردێك لەسەر دڵی دوعا هەڵدەگرم و ..

دەیكێشم بەمنارەی مزگەوتەكان !

بەردێك لەسەر سەری دوعا هەڵدەگرم و ..

دەیكێشم بە پەنجەرەی حوجرەی میر !

دیوارێكی بڵند لەبەرد هەڵدێنم ، تا ئیتر ، پێغەمبەرێكم

لێوە دیار نەبێ !

دیوارێكی بڵند لەبەرد هەڵدێنم ، تا ئیتر ، كتێبێكی پیرۆزم لێوە دیار نەبێ !

دیوارێكی بڵند لە بەرد هەڵدێنم، تا ئیتر خودایەكم لێوە دیار نەبێ !

« ئەمن دوعایەكی دەكەم ئەنگۆ بڵێن ئامین »

هەر كەسانەكی تاڵێك قژی خاوی دوعا یان ئالۆسكاندووە ،

قژی دوعا ببێت بە پەتێكی خنكێنەرو

بچێتە گەردنیانەوە .

هەر كەسانەكی لەقەیەكیان لە جەستە پاكیزەكەی دوعا داوە ،

خەنجەری شێرپەنجەیان بەر جەرگ و هەناوی كەوێ .

هەركەسانەكی بەردێكیان بەسەری پڕ لە سەرووەری دوعا دا كێشاوە ،

گورچیلەیان پڕ بێت لە پلووكە بەردی ژەهر .